کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:40 23-8-2007

**بۆ پەیکەری عومەری خاوەر لادەبرێت... ئیبراهیم هەورامانی**

پەیکەرەکەی عومەری خاوەری لادەبرێت. من دەڵێم بۆ؟ئایا لە ڕووی ئەندازیاری ڕێگاوبانەوە چ گرفتێکی بۆ شار دروستکردووە؟ یان شارەوانی بەنیازە ڕوبەری سەکۆی پەیکەرە کە زیاد بکات؟ ئەی بۆ لادەبرێت؟ئەمە پرسیاری من و ئەمەش وەڵا می پرسیارەکەی منە کە لە هەواڵێکی ل 3 ژمارە 4353 ی کوردستانی نوی دا خوێندەوە. خوێنەرانی بەرێز سەرنجتان بۆ وەلامەکە ڕادەکێشم بەڵی من وتومە ئەو پەیکەرە لە کاتێکدا دروستکراوە، خەڵکی فرمێسکی بۆ دەڕشت بەڵام ئێستا کۆمەڵێك گەنج پێگەیشتوون کە ئەو بارودۆخەیان نەبینیووەوپێی دەڵێن



گۆڵچییەکەی هەڵەبجە. ئەمە ئەو وەلامەیە وەڵام بە پرسیارەکەی من و ئەوانەش لەلابردنی پەیکەرەکەی عومەری خاوەر پرسیار دەکەن وەڵام دەداتەوە. ئەو پەیکەری عومەری خاوەرەی لە ساڵی 1991 واتە شانزە ساڵ لەمەوبەر پەیکەرتاش سیروان عوسمان بەوپەڕی لێبوردەییەوە ئەنجامی داوە و شانزە ساڵە لە دەروازەی شاردا بوەتە ڕەمزی مەزڵومیەتی گەلەکەمان و سەرقافڵەی کاروانی 5000 هەزار شەهیدی ئەم شارە! کاتێك ئەم هەواڵەم خوێندەوە (پەیکەرەکەی عومەری خاوەر لا دەبرێت) ئەو ڕۆژانەی هاوینی 1991 م بیر دێتەوە سیروانی حاجی عوسمان بی ئەوەی دەوڵەتی، حیزبی، دەوڵەمەندی ... هتد بودجەیەکی دیاری کراو یاخود نادیار بۆ پەیکەرەکە لە ئەستۆ بگرێت سیروان هەربۆخۆی.. بەتەنیا خۆی... لەبەردەم بانکی هەلەبجەی ئێستا قۆڵی کارکردنی لی هەڵماڵی بەو ئیمکاناتە مادی و هونەرەی خۆیەوە پەیکەرەکەی ئەنجام داو کردی یە دیاری بۆ ڕۆحی بەرزەفری 5000 هەزار شەهیدی شارەکە. دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکەی خۆم. من پرسیارم کرد و وەڵامەکەشم بۆ دەرکەوت. بەڵام چ وەڵامێك!کۆمەڵێك گەنج پێگەیشتوون کە ئەو بارودۆخەیان نەبینیوە پێیی دەڵێن گۆڵچییەکەی هەڵەبجە. لێرەشەوە دەپرسم ئایا ووتەی ئەم گەنجانە دەبێت وەك داواکری یەك سەیری بکرێت و داواکەشیان بۆ بەئەنجام بگەیەنرێت؟ جارێکی دیکە دەپرسمەوە ئایا ئە گەنجانە کێن؟ئەو گەنجانە نین کە سوکایەتی یان بە تواناکانی گەنجانی ئێمە کردووە کە دەیانەوی ڕوی ڕاستەقینەی توێژی گەنجان لەبەرامبەر کۆمەڵگا دا ناشیرین بکەن. ئەگەر نا جارێکی دیکە دەپرسم تۆ بڵی ئەم هەرێمی کوردستانە کەسێکی وای تێدا هەبێت جورئەت بکات سوکایەتی بەڕەمزی مەزڵومیەتی خۆیەوە بکات؟ تۆ بڵی ی کەسێك هەبێت دوور لە هەموو پێوەرە کۆمەڵایەتی یەکان ڕی بە خۆی بدات کاتێك پەیکەری عومەری خاوەر لە هەڵەبجە دەبینێت بێشەرمانە بڵی ئەوە گۆڵچییەکەی هەڵەبجەیە؟ بابڵێین کۆمەڵێك گەنج دور لە ئینتمای نەتەوەیی. کۆمەڵێك گەنج دوور لە هەموو هەست کردن بە لێپرسراوێتی نەتەوەیی بە ڕەمزی شەهیدانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بە ڕەمزی مەزڵومیەت و قوربانیدانی گەلەکەمان دەڵێن و ووتویانە (گۆڵچییەکەی هەڵەبجە) ئایا لەبەرامبەر ئەم دەستەواژەیەی ئەو کۆمەڵەگەنجەدا دەبێت ئێمە بێین و پەیکەرەکەی عومەری خاوەر کە وا تەمەنی بۆ17 ساڵ دەڕوات لاببەین؟ یان پێویستە مەفهومی ئەو پەیکەرە لای ئەو کۆمەڵە گەنجە ڕوون بکەینەو بیخەینە ڕوو. خۆ ئەگەر واش وترابێت چ پێویست دەکات هەستی ئەو پەیکەر تاشە بەو دەستە واژەیە برینداربکرێت تا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:40 23-8-2007

ئەو ڕادەیەی پێمان بڵێت من لەگەڵ ئەوە نیم كە ئەو پەیكەرە لاببرێت، چونكە ئەگەر ئەو پەیكەرەلاببرێت، وەك ئەوە وایە منداڵێكیخۆم بمرێت. منداڵ مردن بۆ باوك كۆستێكی گەورەیە تكایە با ئاگاداربین!!؟؟ لە رویەكی ترەوە ئەگەر هۆكاری لابردنی پەیكەرەكەی عومەری خاوەر لە هەلەبجە بۆ كارە هونەری یەكەی دەگەڕێتەوە. دەبێت ئێمە دەرك بەو ڕاستی یە بكەین لە رۆژانێك دا ئەو پەیكەرە ئەنجام دراوە هیچ برەپارەیەك لەلایەن كەسەوە بی لە خودی مامۆستا شیروان عوسمان تەرخان نەكراوە و ئیستاش كەبڕی 50 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكراوە دەبوو توانی ناوبراو بۆ دروستكردنەوەی پەیكەرە بەشێوەیەكی هونەری تر بكرایەتە مەرج بۆ مامۆستا سیروان. دوای وەلامدانەوەی داوا لە هونەرمەندە پەیكەرتاشە بەتواناكانی تر بكرایە نەك بەو وەلامەی كە دراوەتەوە؟ لەكۆتایی دا دەبێت لەو راستی یە باش بگەین كە سوكایەتی كردن بەپەیكەری عومەری خاوەر لە هەڵەبجەی شەهید سوكایەتیكردنە بە ڕەمزی مەزلۆمیەت و قوربانی دانی گەلەكەمان لەهەركوی بكرێت و هەركەس بیكات

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.